www.kurdistannet.org
11-4-2003 1:07

# رمانی کابوسی دکتاتۆر مژدەی شـــادی و ئازادیە

ئەحمەد دەشتی

گەلۆ چەند ماوەیەك لەمەو بەر بە فیتی ئەوانەی كە مانەوەی سەدامیان لە ڕوخانی سەدام پێ باشتر بووكە دەتوانم بلێم نەیارانی گەلانی عێراق خەلكانێكی زۆریان هان دا كە بڕژێنە سەر خیابانەكانەوەو بە ناوی بەرگری لەو شەڕەی كە من پێم وایە شەڕی ڕزگار كردنی گەلی عێراقە لەو هەموو نەهانەتی و ئازارەكان دا كە دكتاتۆری عێراق بە سەر گەلی عێراقیان هێناوە ، نەك داسەپاندنی شەڕە بە سەر گەلی عێراق دا ، لە گەلی لە وەلاتانمان بینی كە بە ناو بۆ بەرگی و دژایەتی كردنی ئەو شەڕە و بە ناوی بەرگری لە گەلی عێراق دا خەلكانێكی زۆریان لە تەوای جیهان دا خزاندە سەر خیابانەكانەوەو بە دروشمی جوراو جۆر كە گوایە بەر گری لە گەلی عێراق دەكەن، كە من پێم وابە ئەو ماستە بێ موو نیەو هەموو ئەوانەی كە نایانەوێ گەلی عێراقی سالەهای سال بێزار لە دەستی ئەو ڕژێمە دكتاتۆرەی كە نەزیكەی سی و پێنج سالە بە سەر گەلی عێراق دا بە زۆر داسەپاوە ڕزگاریان ببێ، ئەمان تەنیا بەرگریان لە مانەی سەدام دەكردو بەس، خۆ هەر لەو ڕۆژگارانەوەڕا كەسەدامیە دكتاتۆرەكان فەرمان ڕەواییان لە سەر خەلكی عێراقەوە كردووە هەتاكە دەسەلاتیان بوو خەلكی عێراقیان لە هەمووئازادی و شادی و ئارامی و ئاسایش بێ بەش كردووەو ئەوەی كە كردوویانە هەمووی جنایەت و كوشت و كوشتارو مال وێرانی بووە ، كەچی دیمان كە خەلكانێ هاتنە سەر خیابانەكانەوەو بە شێوەیەكی ناڕاستەو خۆ فرمێسكیان بۆ نەمانی سەدامی دكتاتۆرە دڕندەكەی بەغدا هەل دەڕشت و ئەوەی گوتیان و كردیان تەنیا بۆ ئەوە بوو كە سەدامی خوێن ڕێژ بمێنتەوەو ئە شەڕە نهێنیە كە بە سەر گەلی عێراق داسەپاوە هەر پەرە بسێنێتن و بمێنێتن، كەچ دەبنین كەكەسەدامی خوێن ڕێژ وا نەماو گلۆلەی كەوتە لێژیەوە ، ئێستا چی دەلێن كەوا دەبینن كە خەلكی تەواوی عێراق چونكە ئەو میللەتە ئازوردەو ڕەنج دیدە بە دەستی ئەو ڕژێمە دكتاتۆرەوە بە نەمانی سەدام چەندە شادو خەندان و بە ڕووی خۆش و پڕ لە خۆشەویستی دەڕژێنەسەر خیابانەكان و پەیكەرەكانی سەدام یەك لە دوای یەك دەڕووخێنن و تف ونەفرین لە ڕووی ئەو دكتاتۆرە خوێن ڕێژە دەكەن و بە یەك دەنگ دەلێن مەرگ بۆ سەدامیان، چونكەگەلی عێراق تەنیا بە خۆیان دەزانن كە سالەهای سالە چیان بە سەر هاتووە ، ئەم هەموو شادی و خۆشیەی كە لە ڕووی ئەم خەلكە ستەم دیدەوە بە هۆی ڕوخانی سەدامەوە دەبینیدرێتن هەموو لە هەموو وەلامە بۆ ئەوانەی كە بە ناوی خەلكی عێراقەوە بەرگریان لە دژی شەڕی ڕزگاری ئەم گەلە ستەم دیدە دەكردو پێیان دەلێن ئێوە بەرگریتان لە مانەوەی سەدام دەكرد ، من ڕووەدەكەمە هەموو ئەوانەی كە زۆر هەلە بوون وپێیان دەلێم دەلێم كوانی ئەو گەلەی كە ئێوە دەتان گوت كە ئەم شەڕە دژ بە گەلی عێراقەو خەلكی عێراق مانەوەی سەدامیان دەوێتن، جگە لە خۆیان كامە عێراقی فرمێسكی بۆ نەمانی سەدام دەڕیژێتن؟كەچی هەموومان بە چاوی خۆمانەوە دەبینین كە خەلكی عێراق بە كوردو عارەب و هەموو كەمە نەتەوایەتییەكانەوە چۆن دڕژێنە سەر خیابانەكانەوە و چۆن بە پێلاوو نەعلەكانیانەوە بە دەم و چاوی پەیكەرەكانی سەدامیان دا دەدەدەن وتفیان لە ڕوو دەكەن و ئەمەی كە لە زاریان دێتە دەرەوە نەفرین و هێرش بۆ سەر ئەو دكتاتۆرە دڕندەیەو وێنەو پەیكەرەكانی ئەو دڕندەو مرۆ كوژەی كە بە زۆری زۆرداری لە مێژە بە سەر گەلی عێراق داسەپاوەو لە هەر كوچەوكۆلانێكیش پەیكەری خۆی قیت كردۆتەوە دەكەن، كامە ڕووی ئاوا بە خەندە و پڕ لە بزەی خۆشەویستی ئەو سەركەوتنە گەورەترو مەزنتر هەیە كە لە ڕووی خەلكی برینداری تەواوی عێراقەوە وەدی دەكرێتن؟ دەبینین چەند بە شادیوە باوەش لە ڕزگاركەران وهۆكاری سەربەخۆیی خۆیانەوە دەگرن و چۆن ڕویان ماچ دەكەن وچۆن سوپاسی هۆكارانی ئەوانە دەكەن كە بە ڕزگار كەری خۆیانیان دەزانن كەئەم خەلكەیان لە ژێر دەستی ئەو دڕندانەوە ڕزگار كردووە و چەند دلیان پڕ لە شادی و خۆشیەو بە یەك گیان و دل هەل دەپەڕن و هاواری مەرگ بۆسەدامیانی دكتاتۆر بەرز دەكەنەو ، هەموو ئەوانەی كە پڕو پاگەندەشیان بۆ سەدامیان دەكرد وایان دەزانی كە سەدام ناڕوخێندرێت و سەدام خۆشەویستی گەلی عێراقە ! ! !بەلام زۆر بە هەلە چوون و ئەوەی كە بیریان لێ دەكردەوە بۆ بەرگری لە گەلی عێراق نەبوو چونكەسەدامێكی پیاو كوژو وێرانكەر و دكتاتۆر ئەوەندەی مال وێرانی ترسی لە ناو دلی ئەم خەلكەی عێراق بە هەموو نەتەوەكانەوە

نواندووه که تا ئێستاش زۆر کەس هەن باوەڕ ناکەن کە ڕاستە سەدام ڕوخاوە ، دەبێ ئەو ڕاستیە بزاندرێن کە هەرگیز دکتاتۆرو زۆردارو داگیرکەران بۆ هەمیشە نامێننەوەو ڕۆژێ هەردێ کە بەر ڕقی تۆلەی خەلك و جیهانیان بکەون، هەموو ئەوانەی کە زۆرداری دەکەن لە ناو دل و دەروونی هیچ خەلکێ دا هەرگیز جێگەیان نابێتەوەو هەموو ئەوانەش کە وەکو سەدام بیر دەکەنەوەو شینگێڕی بۆ دکتاتۆران دەکەن دەبێ ئەو ڕاستیە بزانن کە ئەوانیش ڕۆژیان هەر دێت و باوی زولم و زۆرداری و چەوساندنەوەی گەلانی ئازادیخواز نەماوە ، دەسا با سەدام بکەن بە پەندو واز لە داگیر کردن و زەوت کردنی مافی گەلان و کوشت و کوشتارو دژ بە ئازادی و سەربەخۆیی گەلان بهێنن و نیشتمانی خۆیان بەرەو پێشەوە بەرن و ڕووی شادی و خۆشی لە جیاتی چەوساندنەوە و مال وێرانی و کوشت و کوشتار و دژایەتی کردنی یاساکانی مرۆڤایەتی بێنن و با واز لە هەڕەشەو گوڕەشە دژ بە میللەتان بهێنن، ئەگینا لە سەدام خراپتریان وەسەر دێن و بۆ هەتا هەتایە نەفرینیان لێ دەکرێن.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣